# هەرکەسێک حەز دەکات شێوازی دەستنوێژگرتنی پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- فێر بێت؛ بەم شێوەیە

لە عەبدخەیرەوە دەڵێت: عەلی -ڕەزای خوای لیبێت- هات بۆ لامان پاش ئەوەی نوێژی کرد، داوای ئاوی کرد، ووتمان: دەیەوێت چی بکات لەو ئاوە لەکاتێکدا نوێژی کردووە؟ تەنها دەیەوێت فێرمان بکات، دەفرێکی بۆ هێنرا ئاوی تێدا بوو، ئاوی لە دەفرەکەوە خستە سەر دەستی، سێ جار دەستەکانی شۆرد، وپاشان سێ جار ئاوی ڕادیە نێو دەمی ودەریکرد -تَمَضْمَضَ-؛ سێ جار وئاوی هەڵمژیە نێو لووتی ودەریکرد -اسْتَنْثَر-؛ سێ جار، بەو دەستەی ئاوی خستە نێو دەم ولووتی کە ئاوەکەی لە دەفرەکە پێ دەردەهێنا، پاشان سێ جار دەموچاوی -ڕووی- شۆرد، ودەستی ڕاستی سێ جار شۆرد، ودەستی چەپی سێ جار شۆرد، پاشان دەستی خستە نێو دەفرەکە (ودەری هێنا) ویەک جاری سەری مەسکرد -کە گوێیەکانیش دەگرێتەوە؛ واتە سەر وگوێیەکانی مەسح کرد وئاوی پێیاندا هێنا-، وپاشان پێی ڕاستی سێ جار شۆرد، وپێی چەپی سێ جار شۆرد، پاشان ووتی: «هەرکەسێک حەز دەکات شێوازی دەستنوێژگرتنی پێغەمبەری خودا -صلی الله علیه وسلم- فێر بێت؛ بەم شێوەیە».

[صەحیحە] [ئیبنو ماجە گێڕاویەتیەوە - نەسائی گێڕاویەتیەوە - ئیبنوداود گێڕاویەتیەوە - ئەحمەد گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە بە درێژی وەسفی دەستنوێژگرتنی پێغەمبەر -صلی الله علیه وسلم- دەکات، عەبدخەیر باسی ئەوە دەکات عەلی -ڕەزای خوای لیبێت- هات بۆ لایان پاش ئەوەی نوێژی کرد، داوای ئاوی کرد، ئەم داواکردنەیان بە لاوە سەیر بوو چونکە کەمێک پێش ئێستا نوێژی کرد، پاش ئەوە زانیان کە دەیەوێت سیفەتی دەستنوێژگرتنی پێغەمبەریان فێر بکات -صلی الله علیه وسلم-، دەفرێکی بۆ هێنرا ئاوی تێدا بوو، ئاوی لە دەفرەکەوە خستە سەر دەستی، سێ جار دەستەکانی شۆرد، وپاشان سێ جار ئاوی ڕادیە نێو دەمی ودەریکرد -تَمَضْمَضَ-؛ سێ جار وئاوی هەڵمژیە نێو لووتی ودەریکرد -اسْتَنْثَر-؛ سێ جار؛ بە هەمان چنگ ئاو ئەم دوو هەنگاوەی پێشووی ئەنجامدەدا، واتا سێ چنگ ئاوی بەکارهێنا بۆ شۆردنی لووت ودەمی، پاشان سێ جار دەموچاوی -ڕووی- شۆرد، وسنووری ڕوو بریتیە لە شوێنی دەرچوونی موو لە کەسێک قژی بە ئاسایی دەرچووبێت هەتاوەکو چەناگە لە گەڵ بەشی سەرەوەی ڕیش کە ئاشکرایە، ولە گوێوە بۆ گوێیەکەی تر، پاشان ودەستی ڕاستی سێ جار شۆرد هەتاوەکو ئانیشکەکان -واتا ئانیشکەکانیشی شۆرد-، ودەستی چەپی سێ جار شۆرد هەتاوەکو ئانیشکەکان -واتا ئانیشکەکانیشی شۆرد-، پاشان دەستی خستە نێو دەفرەکە (ودەری هێنا) ویەک جاری سەری مەسکرد -کە گوێیەکانیش دەگرێتەوە؛ واتە سەر وگوێیەکانی مەسح کرد وئاوی پێیاندا هێنا-، وپاشان پێی ڕاستی سێ جار شۆرد، وپێی چەپی سێ جار شۆرد، پاشان باسی ئەوەی کرد کە ئەمە شێوازی دەستنوێژگرتنی پێغەمبەری خودا بوو -صلی الله علیه وسلم-.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/8375

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee